# پرۆژەیەك لە رۆحی هەزارانی وەك خۆمەوە بۆ هەڵەبجە..

## بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆمارو پەرلەمانی کوردستان.

ئاسۆعەبدوللەتیف

ئەمەی خوارەوە دەقی پرۆژەیەکی پێشنیارکراوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار من وەك رۆژنامەوانێکی هەڵەبجەیی پێشکەشی ئەکەم و لە ووردەکاریەکانی بەرپرسیارم و بگرە تەتەڵەی یاسایشم کردوەو هیچ گرفتێکی نیە، پرۆژەکە تایبەتە بە شاری هەڵەبجەو پشتگوێخستنی هەم لەلایەن دەسەلآتی کوردی و هەم دەسەلآتی تازەی عیراقیەوە، ئەم پرۆژەیەم بە رەسمی و بە ئیمزای خۆمەوە ئاراستەی بەرێزان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کردووەو لەبەر نەبوونی نوسینگەیەکی رەسمی سەرۆك کۆماریش لە سلێمانی یان هەولێر نەمتوانی بەرەسمی پرۆژەکەیان ئاراستە بکەم و ئەخوازم لە میدیاکانەوە کۆپییەکەی وەرگرن. من لە ئێستاوە کە یادەوەری نۆزدەهەمین ساڵەی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجەیە ئەم ئەرکەم وە ئەستۆگرتووەو بە شاهیدی ئێوە چاوەروانی وەلآمی دەسەلآتم. سەرنج و تێبینیەکانی ئێوەی بەرێزیشم لا گرنگ و پڕ بایەخە چونکە ئەم بابەتە دیالۆگی زۆر هەڵئەگرێت، چونکە مانەوەی هەڵەبجە بەو شێوەیەی ئێستا زیان لە کەسایەتی نیشتیمانی و بگرە ناسنامەی نەتەوەییشمان ئەدات، هەروەك چۆن زیانێکی رۆحی و سەمیمی و سەرەتانی بە خەڵکی داماوی هەڵەبجە گەیاندووە.

# بۆ ئەوەی هەڵەبجە بکەینەوە بەشارو بیکەینە سەرمایەی رەمزیی

بەرێزەوە....

بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك کۆماری عیراق

بۆ پەرلەمانی کوردستان

بۆ رای گشتی ناوخۆو دەرەوە ( کوردستانی و عیراقی و نێودەوڵەتی )

شاری هەڵەبجە لە 1988/3/16 بوە قوربانی بەکارهێنانی ئەزمونێکی تازەی چەکی کۆکوژ بەدەستی دەوڵەتی سەرکوتکەری پێشوی بەعس، بۆیە تا ئەم نەوە رەسەنە ماوە لە ژیاندا حەقە هەڵەبجە بکەینەوە بە شاری روناکبیری و شارستانی و رزگاری بکەین لەو سێبەرە کاولکاریەی رابردوو کە تا ئێستاش دانیشتوانەکەی بەدەستیەوە ئەناڵێنن.

ئەم تراژیدیایە وەك دیکۆمێنتێکی تاوانکاری کە لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم روویدا لوتکەی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی و جینۆسایدبوو لە تەواوی جیهاندا کە تا ئەم ساتەش سیاسی و دیبلۆماتەکان تامەزرۆی بینینی ئەکەن،

ناکرێت شارێکی وەك هەڵەبجە بەو برینە مێژوییەوە تەنها لەناو یادەوەری و دروشمی سۆزداری حیزبی و جەماوەریدا بمێنێتەوەو پەراوێز بخرێت، ئەو هەڵەبجەی فاکتەری سەرەتای لەق بوون و درزتێبوونی دیکتاتۆریەتی سەددام بوو، هەر هەڵەبجەش بوو تاوانی کۆمەڵکوژی بەشێوەیەکی تر بۆ جیهان پێناسەکردەوەو ترسناکی ئەم جۆرە چەکە کوشندانەشی پیشانی رای گشتی نێودەوڵەتیدا، ئایا هەڵەبجە کە ئەم سەنگەی هەیە چۆن بیپارێزین و وەك سومبول رایبگرین لە ناو مێژوودا؟

گەلانی جیهان هەموو سودی رەمزی و مەعنەوی و سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتیان وەرگرت لە کارەساتە کۆمەڵکوژیەکانیان ئێمەی گەلی کورد نەبێت، یابان کارەساتی هێرۆشیماو ناکازاکی کردە سەرمایەی رەمزی بۆ وولآت و نەتەوەکەیان و جولەکەش کارەساتی کۆمەڵکوژی (هۆلۆکۆست) یان لەبیر نەکرد کە لەسەردەستی نازی ئەڵمانی روویدا و گەلی ئەرمەنیش بەهەمان شێوە داوای ماڤی ئەرمەن ئەکەن لە تورکیا کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا قەتڵوعامی نەتەوەی ئەرمەن کرا لە سەردەستی دەوڵەتی عوسمانی، ئێستا ئەو کارەساتانە وەکو جینۆسایدو بەڵگەنامەی مێژوویی مامەڵەیان لە گەڵدا ئەکرێت و بووەتە گوتاری دەوڵەتی و وەك دیکۆمێنتارێکی کۆمەڵکوژیانەی سیاسی نەك مرۆیی و حیزبی مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکرێت.

بەرێزان

ئایا هەڵەبجەش وەك ئەو كارەساتانە لە سەردەمی ئازادی و دەوڵەتی مۆدێرندا مافی ئەوەی نییە بكرێتە سەرمایەیەكی رەمزی و بەشێوەی فەرمی بناسرێت و قەرەبووی بكرێتەوەو لەپەرلەمانی عێراق و كوردستاندا كارەساتەكە وەكو (دیكۆمێنت) بەڵگەنامەیەكی رەسمی دانی پیادا بنرێ؟ ئایا مافی ئەوەی نییە بەمیزانیەی دەوڵەتی نوێی عیراق بریاری دروستكردنەوەوبەپارێزگاكردنی بدرێت و زانكۆو پەیمانگاو كارخانەی گەورەی بازرگانی و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ دابین بكرێت لە داهاتی نوێی عیراق؟ چونكە هەڵەبجە خۆی قوربانی ئەو دەوڵەت و داهاتە بوو پێویستە هەر بەو داهاتەش ئاوەدان بكرێتەوە،

چی ئەبێت ئەگەر قوتابیەكی عەرەب لە بەسرە یان لەبەغداوە بێت لە زانكۆی هەڵەبجە بخوێنێت؟ كە ئەم جیاكاریە هەیە ئەی خەون و دروشمی یەكپارچەیی و عیراقیبوونمان بۆ هەڵگرتووەو بۆچی هەڵەبجە لەو هاوكێشەیە دەرئەكەن؟ بەداخەوە نەوەیەك بەرێوەیەوبگرە دروستیش بووە كە نازانێ هەڵەبجە چییە؟ ئەگەر هەڵەبجە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقیدایە ئەوا ئەبێت هەر ئەو عیراقەش قەرەبووی زیانەكانی بۆ بكاتەوە و بەراستی بیكاتەوە بەشاری مۆدێرن جیاواز لەو خەونەی كە سەددامیەكان هەیانبوو بۆ ئەم شارەو ئەیانویست لەسەر نەخشەی عیراقیدا بیسرنەوەو لەناوی بەرن و بیسوتێنن، ئەگەر لەو چوارچێوە عیراقیەشدا نییەو حساب بۆ هەڵەبجە ناكەن با هەمووومان بزانین و ئیعلانی بكەن بۆمان؟

لەم پێناوەدا ناكرێت وویژدانمان بە ئاگانەهێنین و هەموومان لە پشتگیری پرۆژەیەكی لەم جۆرەدا هاوكاری نەكەین،دڵنیابن بۆ سەروەری هەڵەبجەو هەر تاكێكی ئەم شارەو شوناسی نەتەوایەتیمانە، لەوە زیاتریش شەرم كردن لە داوا رەواكانمان لە وێسگەی بێ هیوایی و مەرگێكی كوشندەی تر نزیكمان ئەخاتەوەو شارەكەشمان هەروەكو خۆی لە ناو بێئومێدیدا ئەمێنێتەوە،

ئێمەی قوربانیدەری هەڵەبجە كە تائێستاش بە ئازاری زام و كەلاوەكانمانەوە ئەژین نامانەوێت چی دی كەس بۆمان بگری و فیستیڤاڵ سازبكات و ووتاری عاتیفی هەڵبدات بەسەرمانداو كەچی شارەكەشمان وێرانەترین شاری دونیابێت، بۆیە ئەم داواكاریانە بەشێكی كەمە لەو پرۆژەیە و بەوپەری تەوازوعەوە پێشكەشتانی ئەكەم:

1- كێشەی هەڵەبجە بگوازرێتەوە بۆ پەرلەمانی عیراق و مۆڵەتی دانیشتنێكی رەسمی وەربگرین تا نوێنەرە راستەقینەكانی هەڵەبجە لە بەغدا قسەی خۆیان بكەن و بەئامادەبوونی ئەم نوێنەرانە بریارگەلێك بۆ ئەم شارەمان دەربكەن.

2- ناوی هەڵەبجە لە دەوڵەتی نوێدا بە بەندی قانونی وەكو كارەساتێكی نیشتیمانی بچەسپێت و وەك سەرمایەیەكی رەمزیش پەرلەمانی عیراقی (پرۆتۆكۆل) ی بكات و بودجەی تایبەت بەئاوەدانكردنەوەی بۆ تەرخان بكرێت، مەرجیش نیە ئاوەدانكردنەوە لە دابینكردنی چەند سەد خانویەك و گۆرەپانێكی وەرزشیدا گیر بخوات و وابزانین تەواو.

3- پەرلەمانی عیراق هەستێت بە دانانی یاساو بودجەیەكی بەردەوام (ساڵانە) بۆ قەرەبوكردنەوەی زیانە رۆحی و مەعنەوی و جەستەییەكانی خەڵكی ئەم شارە كە سەروماڵیان تیاچوو.

4- هەڵەبجە وەكو رای گشتی و نێودەوڵەتی راستە ناسراوە، دەبێت ئەو ناسینە بە یاساو پرۆتۆكۆلی نێودەوڵەتی وەك جینۆساید، واتە كۆمەڵكوژی و بە سیستماتیك و بەشێوە یاساییەكەی بچەسپێ.

5- پەرلەمانی كوردستان كار بكات بە ئاراستەی جێبەجێ بوونی ئەم پرۆژەیەو كارئاسانی لە پەرلەمانی عیراقیدا وەك پشتگیری وكۆدەنگیەكی یاسایی كوردستانی لە ووردەكاری ناو پرۆژەكە.

**شكۆمەندی بۆ دۆستانی نەتەوەی كورد**

**نوسەرو رۆژنامەنووس: ئاسۆعەبدوللەتیف مەولود**

**تێلی ناوخۆ 07301100300 لە دەرەوەی وولاتەوە 0046765100300**

**E-mail: asolm2002@yahoo.com**